# حکومەتی داهاتوی عێراق بۆچی ناتوانێ حکومەتێکی دیموکراسی بێت؟

بەختیار سامی
2004-12-31

رێگرە سەرەکیەکانی پێکهێنانی حکومەتێکی دیموکراسی لەعێراقە کاری تیرۆرو رێکخراوە تیرۆریستەکانە، بزوتنەوە کۆنەپەرستە قەومیو ئیسلامیەکانن، یان خودی نیزامی بۆرژوازی و سیاسەتی کۆنەپەرستانەی ئەمریکایە بۆ دامەزراندنەوەی حکومەتی داهاتووی عێراق ؟
سەبارەت بەئایندەی سیاسی عێراق و گێرانەوەی ئەمن و ئاسایش بۆ خەلکی ئەو وولاتەو پێك هێنانی حکومەتیکی دیموکراسی، ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی هەمیشە وەك دەلیلێك لە میدیاکانا باسی لێوە دەکەن کە گوایە تەنها رێکخراوە تیرۆریست و کارە تیرۆریستییە کانن رێگرن لەبەردەم گێراناوەی ئەمن و ئاسیش بۆ خەلکی عێراق و دامازراندنی نێزامێکی دیموکراسی!
دیارە رێکخراوە تیرۆریستەکان رێگری زۆریان لەبەردەم چونە پێشەوەی سیاسەتەکانی ئەمریکا لە عێراق و ناوچەکە دورست کردوە،ئیسلامییەکانیش لەهەولی ئەوەدان ئایندەی سیاسی عێراق لەچوارچێوەی بەرژەوەندە کۆنەپەرستەکانی
خۆیان یەکلا بکەنەوە. بەلام دامەزراندنی حکومەتێکی دیموکراسی کە مافە دیموکراتیو ئازادیە سیاسیەکانی خەلکی عێراق بەرسمی بناسێت، تەنها پەیوەندی بە لەناو بردنی رێکخراوە تیرۆریستەکانەوە نییە.ئەمریکا بەلەناو بردنی رێکخراوە تیرۆریستەکان لەرێگای شەرو کشتن بێت یان رێک کەوتنی ژێر بەژێربێت. هێشتا ناتوانێت نیزامێکی دیموکراسی لە عێراق دامەزرێنێت و عێراقیش لەو بحرانە سیاسیو ئابووریو کۆمەلایەتیە رزگار بکات.
بەدیل و رێگا چارەی ئەمریکا بۆ سازدانەوەو دامەزراندنی نیزامێکی دیموکراسی لە عێراق، بەدیل و رێگاچارەیەکی کۆنەپەرستانەو دژبە
بەرژەوەندیەکانی چینی کرێکارو خەلکی عێراقە. ئەمریکا بەرژەوەندییە سیاسیو ئابووریەکانی خۆیو کۆمپانیا گەورەکان لەسەروی بەرژەوەندیەکانی خەلکی عێراق دادەنێت.ئەو حکومەتەی کەلە داهاتوش لەلایەن ئەمریکاوە پێک دێت دەبێت بەرژەوەندیە سیاسیو ئابووریەکانی ئەمریکا و کۆمپانیا گەورەکان لە عێراق و ناچەکەدا بپارێزن. هەروەها دابەش کردنی عێراق بەسەر هێزە قەومیو دینیو سەرۆك عەشیرەتەکان و پشتیوانی کردنی هێزە کۆنەپەرستەکان بۆخۆی رێگرێکی

تره لەبەردەم پێک هێنانی نیزامێکی دیموکراسی و چارەسەری ئەزمە سیاسیو ئابووریو کۆمەلایەتیەکانی داهاتوی عێراق.

ئەو جۆرەی ئێستا ئەمریکا بەتەمایە عێراق دابەش بکات بەسەر هێزە ئیسلامی و قەومییەکان بۆ پێك هێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق چەندە دژ بەچینی کرێکارو خەلکی ئەو وولاتەیە کە دەبێتە هۆی دابەش کردن و پارچە پارچە کردنی هێزی یەکگرتووی چینی کرێکارو خەلکی زەحمەتکێشی عێراق و دورست کردنی ناکۆکیو دوبەرەکایەتی بەناوی دین و نەتەوەوە، ئەوەندەش دەسەلاتی بۆرژوازی لەناوەخۆی عێراق لاواز دەکات و شەرو کێشەی نێوان بۆرژوازیە قەومیو ئیسلامیو سەرۆك عەشیرەتەکان لەسەر بەرژەوندییە تایبەتیەکان و بەدەستەوە گرتنی دەسەلات هەمیشە وەك مەترسیەك بەبێ هیچ رێگا چارەیەك لەبەرامبەر بەیەکتر دەهێلێتەوە.مەبەستی ئەمریکاش لە هێشتنەوەی ئەو هێزە کۆنەپەرستانە و دابەش کردنی عێراق بەو جۆرە رۆشنە هەرکاتێک پێویستی بەهەر لایەنێک بوو لەمەیدانی سیاسی لەدژی لایەنەکەی تر بەقازانجی سیاسیوئابووری خۆی لە عێراق و ناوچەکە بەکاریان بهێنێت.
 بەلام هێزە بۆرژوازییە قەومیو دینیەکان سەرەرای هەر ناکۆکیەکی سیاسی کە لەبەرامبەر یەکتر هەیانە ئێستا لەسەر حکومەتێکی هاوبەش بەسەرپەرشتی ئەمریکا لەعێراقە رێکەوتون،دیارە هێشتا ئەوە دەلیلی ئەوەنیە ئەو هێزانە بتوانن جواب بە ئەزمە سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتیو داخوازیە دیموکراتیو سیاسییەکانی خەلکی عێراق بدەنەوە. ماهیەت و ناوەرۆکی ئەو هێزە سیاسییە قەومیو دینیانەش کۆنەپەرستانەو دژ بە پایە سەرەکییەکانی خودی نیزامی دیموکراسی بۆرژوازیو مافە مەدەنیو ئازادییە سیاسیەکانی خەلکی عێراقە.

ئاشکرایە ئەمریکاو هێزە دینیو قەومیەکان تاکو ئێستا سەبارەت بەمافی مەدەنیو ئازادییە سیاسیەکان و ریفاهە کۆمەلایتیەکانیش هیچ سەنەدێکی رەسمی یان پلاتفۆرمێکیان نییە. قسەکانیان سەبارەت بەدیموکراسی زیاتر لە چوارچێوەی
مافی مرۆڤە (هقوقی بەشەر) مافی مرۆڤیش شتێکی گشتییەو جیاوازی هەیە لەگەل ئازادی فەردو، ئازادی سیاسیو، مافە مەدەنییەکان.
 دیارە من مەبەستم جیاوازی نێوان نیزامی دکتاتۆریو نیزامی دیموکراسی نییە،رۆشنە نیزامێکی دیموکراسی لەئێستایە دەسکەوتێکی گەورەیە بۆ خەلکی عێراق،لەچاو رژێمێکی دکتاتۆری کە کوشتنی بەکۆمەل و کیمیاباران و ئەنفال و اعدام وزیندان و نەبونی هیچ ئازادییەکی سیاسی رێکخراوە سیاسی وکرێکاریو جەماوەریەکان.

بەلام ئایا ئەو هێزە قەومیو ئیسلامیانەی کەقەرارە لەرێگای ئەمریکاوە حکومەتی داهاتووی عێراق پێک بهێنن باوەریان بە نیزامێکی دیموکراسی هەیە کەئازادی مەدەنی،مافی مەدەنی،مافی هاوولاتی بوونی یەکسان لەبەرامبەر قانوون،جیای دین لەدەولەت ،ئازادی بیرو را، ئازادی بەیان، ئازادی رێکخراوە سیاسی و کرێکاریەکان،بەرابەری ژن و پیاو، بۆ خەلکی عێراق بەرەسمی بناسن؟ من پێم وایە نە،بەلام ئەگەر حکومەتی داهاتوی عێراق
مافە مەدەنیو ئازادیە سیاسیەکانی خەلکی عیراقیشی بەرەسمی ناسی، ئەی لەبەرامبەر ئەو نابەرابەریە ئابووریە کۆمەلایەتیە کە روبەروی خەلکی عێراق بۆتەوە چ رێگا چارەیەکیان بۆی هەیە؟
عێراق بەهۆی رژێمە بۆرژوازیە یەک بەدوای یەکەکان وئاخرین رژێمی بەعسی دیکتاتۆرش ، هەژاری،گرانیو بێکاری نەبونی هێچ جۆرە ریفاهێکی کۆمەلایەتیو ئازادی رێکخراوە سیاسیوکرێکاریەکان و مافی ژنان و لاوان .وەزعی ژیان و ئاستی رێکخراوبوونی کرێکاران و خەلکی زەحمەتکێشی عێراق رۆژ بەرۆژ خراپتر کردوە.
ئێستاش بەهۆی بارودۆخی سیاسی عێراق نائارامی و شەرو تیرۆرو بەهێزبوونی بزووتنەوە کۆنەپەرستە قەومی و ئیسلامیەکان ئەوەندەی تر بۆتە هۆی،گرانی، بێکاری، هەژاری،تیرۆری ژنان، نەبوونی ئەمن و ئاسایش، بێبش کردنی لاوان و مندالان لە مافی خوێندن،
رێگری زیاتریان لەبەردەم رێکخراوبوونی کرێکاریو خەلکی زەحمەتکێشی عێراق بۆ بەدەست هێنانی داخوازیو داواکاریە سیاسیو ئابوویو کۆمەلایەتیەکان دورست کردوە.
لەئایندەی ئارام بوونەوەی وەزعی سیاسی عێراق و پێک هێنانی هەر جۆرە حکومەتێک بەناوی دیموکراسی بەبێ جواب دانەوە بە داخوازییە سیاسیو ئابوریو کۆمەلایەتیيەکانی چینی کرێکاری و خەلکی زەحمەتکێشی عێراق.نیزامی دیموکراسی ناتوانێ رێگاچارەیەکی سەرکەوتووبێت.
شەرتی جێبەجێ کردنی ئازادیە سیاسیيەکان و مافە مەدەنیەکانش بەبێ دەست بردن بۆ ریشەی گۆرینی نیزامی ئابووری لە عێراقە ناتوانێ سەرکەوتوویێت.
یەکێک لە زەمانەت کردنی بەدەست هێنانی مافە مەدەنی و ئازادی سیاسیيەکان و دامەزراندنی نیزامێکی دیموکراسی، گۆرینی ریشەی نیزامی ئابووریيە لە عێراق.

بەلام دیارە ئەمریکاو هێزە کۆنەپەرستە قەومی و ئێسلامیەکان کەباس لە نیزامێکی دیموکراسی بۆ خەلکی عێراق دەکەن مەبەستیان بێ قەیدو شەرتی دیموکراتی بونی نیزامی دیموکراسی نیيە. بۆیە هیچ پەیمانێك بەخەلکی عێراق نادەن کە مافە

مەدەنیو ئازادیيە سیاسیەکانیان بەرەسمی بناسن.دەلێن بەپێ هل ومەرجی سیاسی و ئابووریو کۆمەلایەتی عێراق دەبێت دیمکراسی هەنگاو بەهەنگاو بچێتە پێشەوە.لەبەر ئەوەی هێشتا خەلکی ئەو وولاتە تەجرووبی نیزامی دیموکراسیان نییە!

لەئێستایە بەهیچ شێوەیەك نابێت خەلکی عێراق باس لە جیای دین لەدەولەت،چارەسەری کێشەی نەتەوایەتی، ئازادیيە سیاسیەکان بکەن،دیموکراسی لەئێستای شمولی حیزبە کۆمۆنیست و رێکخراوە سیاسی و کرێکاریەکان ناکات،مانگرتن و خۆپشاندانی کرێکاران بەرسمی ناناسێت......هتد،

مەبەستی ئەمریکاو هێزە کۆنەپەرستەکان سەبارەت بە دیموکراسی هەنگاو بەهەنگاو لەعێراقە رۆشنە،لەئێستاوە دەیانەوێت پێش بگرن لە داخوازیيە سیاسیو ئابووریەکانی خەلکی عێراق و ئازادی رێکخراوە کۆمۆنیست و کرێکاریو ئازادیخوازەکان،

پشتیوانی کردن و بەهێز کردنی بزوتنەوە کۆنەپەرستە قەومیو ئیسلامیيەکان لەلایەن ئەمریکاوە دەلیلێکی رۆشنە دەیەوێت دەستی ئەو هێزە کۆنەپەرستانە زیاتر ئاوەلە بکات لەسەر کوت کرنی هەر داواکاریەکی رادیکالانەی خەلکی عێراق وهێزە کۆمۆنیستەکان،

ئەوە بەتەنها رێکخراوە تیرۆریستەکان نین لەعێراق رێگرن لەبەردەم پێك هێنانی نیزامێکی دیموکراسی کە مافە مەدەنی و ئازادیە سیاسیەکانی خەلکی عێراق بەرەسمی بناسێت.ئەمریکاو هێزە کۆنەپەرستە قەومیو ئیسلامیەکان رێگری سەرەکین لە پێك هێنانی نیزامێکی دیموکراسی کەکرێکاران و خەلکی عێراق بتوانن دخوازیيە سیاسیو ئابووریو کۆمەلایەتیەکانیان بەدەست بێنن.